www.kurdistannet.org
25-2-2007 22:56 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕەخنە بگرە بەس خەتی سوور مەبەزێنە ... دڵزارحەسەن



ئەم وتەیە قسەی ڕۆژانەی كۆی ئەو كەس و بەرپرس و حزبی و نووسەرانەیە كە دەرهەق بە نووسین و لێدوان و بۆچونی ئەو كەسانە دەوترێت، كە ڕۆژانە لە ڕۆژنامە و كەناڵ و سایتەكاندا لە بارەی گەندەڵی و بی بەرنامەیی حكومەت و خۆشگوزەرانی دەسەڵاتدارانەوە دەنوسرێت. دیارە مەغزای ئەو تێگەیشتانەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە كە كاری ڕەخنە و سەرنج وەرگرتن لە سەر ئەو ئاریشانە، بەلای ئەو خود سانسۆركارانەوە، سەرەتا دەبێت بزاندرێت كە ئەوەی ڕەخنەی لێدگریت كێیە و چ پلە و پایەیەكی هەیە ئینجا ڕەخنەی لێبگریت!! بێگومان ئەو دیدگایەش هەر وا بەخوت و خۆڕایەوە نەهاتوە، بەڵكو چاوگەی ئەو ئەقڵییەتە، دەرهاویشتەی ئەو ژێرخانە داروخاوەی كلتوری كۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئیداری ئێمەمانانە كە ناتوانێت جیاوازی لە نێوان دیوەخان و حكومەت و پەرلەمان و مزگەوت و بەرپرس و كێخواوە بكات. لێرەوەش تێدەگەین كە كۆمەڵگای ئێمە لە نێو چ قەیرانێكی چارەنووس سازدایە، هەر بۆیەشە بە شێكی زۆری هاوڵاتیان نەك هەر ناوێرن لە بارەی كێشەو گرفتەكانیانەوە قسە بكەن، بەڵكو بە شێوەیەك ترساو و خەسێندراون كە لە گوێگرتنیشا سڵبكەنەوە، یاخوت " ئەزعەفول ئیمان " بڵێن ڕەخنە بگرە بەڵام خەتی سوور مەبەزێنە. هەڵبەتە تا ئێستاكەش نە من و نە دەسەڵات و نە نووسەر و نە ڕۆژنامەنووسەكان وخەڵكی كوردستانیش بە گشتی نازانێت خەتی سووری كۆمەڵگاكەی ئێمە لە كام سنوور دەست پێدەكات و لە كام زاویەشەوە كۆتایی پێدێت!! سەیرەكە لەوەدایە پیرۆزی نێو ئەو سنوورە بگەڕێنیتەوە بۆ چەند كەسانێك و كۆی كەسەكانی دیكەش بە هاوڵاتی نا موبارەك بزانیت. سەرۆكی حكومەت و جێگر و سەرۆكی پەرلەمان و پۆستە حكومی و ئیداریەكانی دیكە تا ئەو كاتە خاوەن بەهایە كە لە خەمی كاڵكردنەوەی جیاوازیە ڕەگەزی و نەژادی و خۆشگوزەرانی تاكەكانی نێو كۆمەڵگا دابێت، چاكترین كارێكیش لە دوای نە هێنانی دی ئەو ئامانجانە لەلای ئەو بەرپرسانەشەوە، بێگومان خۆ دوورە پەرێزگرتن و دەست لە كاركێشانەوەیەتیان لە پۆستەكەیاندا، بۆختاری ئەوەی چاكە و خراپە و ئیشكەر و ئیش نەكەر لێك جیابكرێنەوە. گریمان لەم ڕۆ بەداوە ڕەخنە ناگرین و هیچ لایەنێكی نیگەتیڤی ئەو دەسەڵاتدارانەش ناخەینە ڕوو، بابزانین دەسەڵات و حكومەت چ گۆڕانێكی جەزری لە پێگەی حكومڕانیەتی خۆیدا دەكات. كە من گومانم هەیە بەو ئەقڵییەتە حزبی و بازرگانیانەیانەوە بتوانن دارێك لە سەر بەردێك دابنێن. لە كاتێكدا ئەو تێروانینەشم دەردەبڕم كە دونیایەك بەڵگەم لایە، و حكومەت لەبەر سەرقاڵی بەپرۆژەكانی تاكە كەسی و حیزبیەوە بواری نەماوە بپرژێتە سەر گرفت و داخوازیەكانی كۆمەڵگاوە، هەموو لایەكیشمان چاك دەزانین گیرفانی ئەو كاربەدەست و حزب و دەسەڵاتدارانە بای ئەوەندە و زیاتریش پارەی تێدایە كە بەلای كەمیەوە كێشەی كارەبا و نەبوونی سوتەمەنی و گرانی بازاڕ چارەسەر بكات. ئاخر تۆ حكومەتێك بەو شێوەیە مامەڵ لەگەڵ واقیعی كۆمەڵگاكەیدا بكات، نازانم خەتی سوور چۆن دەمێینی و چۆن چۆنیش دەتوانیت پارێزگاری لەو خەتە سوورەدا بكەیت؟! ئەمەش بە بیر دەسەڵات و ئەو كەسانە دەهێنمەوە كە هەمیشە گومانەكانی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە گەندەڵی و كەمتەرخەمیەكانی حكومەت و بەرپرسانەوە لە هەمبەر خزمەتگوزاریەكاندا جێگای باوەڕ و سەرنجدان بووینە لای تاكەكانی كۆمەڵگاوە، دەشی ئەم قسەیەشم بەلای ئێوەوە سنوور بەزاندنێك بێت، بەڵام لاریم لەوە نییە چۆن

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەیری دەکەن چونکە دڵنیام دونیایەك شت لەسەر کەم و کوڕیەکان بنووسیت تەنها و تەنها ئەو بابەت و نووسینانە دەخوێندرێنەوە و گرینگی پێدەدرێت کە خەتی سوور دەبەزێنێت!!!!. . . . .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.